# تقييم كفاءة الخدمة التعليمية (رياض الأطفال) في مدينة جمجمال

م. جراخان نصرالدين صالح

قسم النفط و الغاز، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة جرموو، إقليم كوردستان العراق.

Chrakhan.salih@chu.edu.iq

أ.د. فاطمه قادر مصطفى

قسم الجغرافية، كلية العلوم الإنسانية، جامعة رابرين، رانية، إقليم كوردستان العراق.

fatma.qadr@uor.edu.krd

**الكلمات المفتاحية**: الخدمة، التعليمية، رياض الأطفال، مدينة جمجمال.

**كيفية اقتباس البحث**

صالح , جراخان نصرالدين , فاطمه قادر مصطفى, تقييم كفاءة الخدمة التعليمية (رياض الأطفال) في مدينة جمجمال,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# Evaluation of the efficiency of education services (Kingdergarten) in the city of chamchamal

Chrakhan Nasradin Salih

Department of oil and Gas, Collage of Administration and Economics, Charmo University, Kurdistan Region of Iraq.

Chrakhan.salih@chu.edu.iq

Fatima Qder Mustafa

Department of Geography, Collage of Humanities, Univercity of Raparin, Kurdistan Region of Iraq.

fatma.qadr@uor.edu.krd

**Keywords** : Services, Educational Services, Kindergarten, City of Chamchamal, Spatial Distribution, GIS.

**How To Cite This Article**

Salih , Chrakhan Nasradin ,Fatima Qder Mustafa ,Evaluation of the efficiency of education services (Kingdergarten) in the city of chamchamal,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

Educational services are listed as one of the most important types of the public services, in general, and social services in particular. They are generally considered to be the good predictors of the degree of development or lack of development of any particular territory, so the analysis of educational service delivery assumes the comparative

academic significance at the different administrative levels, the regional and governorate, the district, sub-district, urban, and neighborhood. The current paper, then, examines the service capacity of kindergartens in the city of Chamchamal, with the view of evaluating the adequacy of kindergarten service provision and determining the available gaps and inadequacy in terms of space. The research also aims at illuminating the current state of affairs in the offering of kindergarten services in the city. The research problem is based on the failure of kindergarten services compared to the population size and the further spatial development of the study area. Kindergarten stage that includes the age group of 4 6 years old is seen as one of the most important and developmental stages of childhood because it provides the educational basis on which the further stages of education will be based and will have a long-term effect on the later stages of formal education. In order to respond to the research questions, the study takes a spatial analysis method whereby kindergarten services are either categorized as governmental and non-governmental and analyzed at the neighborhood level. They are then compared to the standards of Iraqi urban planning in terms of their adequacy and their spatial patterns are mapped and analyzed by application of Geographic Information Systems (GIS).

**المستخلص**

تُعد الخدمة التعليمية من أهم الخدمات بشكل عام والخدمات المجتمعية بشكل خاص، حيث يمكن من خلالها تحديد مستوى تقدم أو تخلف أي منطقة. لذلك، تُعتبر دراسة الخدمة التعليمية موضوعاً بالغ الأهمية، سواء على مستوى الإقليم، أو المحافظة، أو القضاء، أو الناحية، وصولاً إلى مستوى المدن والأحياء السكنية. ومن هذا المنطلق، يسلط هذا البحث الضوء على كفاءة خدمة رياض الأطفال في مدينة جمجمال. ويهدف البحث إلى تقييم كفاءة هذه الخدمة التعليمية بغية تشخيص أوجه النقص والقصور فيها. وتكمن أهمية البحث في بيان الواقع الفعلي لخدمة رياض الأطفال في المدينة، في حين تتمثل مشكلة البحث في قلة عدد رياض الأطفال مقارنة بالنمو السكاني والتوسع المساحي لمنطقة الدراسة.

تُعد مرحلة رياض الأطفال، التي تشمل الفئة العمرية (٤-٦) سنوات، من أهم المراحل الحساسة والأساسية، كونها تمثل حجر الأساس للمراحل اللاحقة وتؤثر عليها بشكل مباشر. يعتمد هذا البحث على تحليل التوزيع الجغرافي لخدمة رياض الأطفال على مستوى الأحياء وتقييمها وفقاً للمعايير التخطيطية العراقية، بالإضافة إلى تمثيل هذا التوزيع خرائطياً بالاعتماد على تقنية نظم المعلومات الجغرافية

.(GIS)  تعتمد منهجية البحث على الأساليب الوصفية في تحديد المتغيرات الخاصة برياض الأطفال وتوزيعها من خلال الجداول والخرائط، بالإضافة إلى أساليب التحليل الكمي في تحليل البيانات بناءً على برامج نظم المعلومات الجغرافية (GIS).

تنقسم الدراسة إلى أربعة أقسام رئيسية، القسم الأول يتعلق بحدود منطقة الدراسة، والقسم الثاني يتعلق بتوزيع خدمات رياض الأطفال، والقسم الثالث يتعلق بالتحليل الإحصائي لتوزيع خدمات رياض الأطفال.

## هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری (باخچەی ساوایان) لە شاری چەمچەماڵ

**م. چراخان نصرالدين صالح، بەشی نەوت و گاز، کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری، زانکۆی چەرموو، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

Chrakhan.salih@chu.edu.iq

**پ. د. فاطمە قادر مصطفی، بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی راپەڕین، حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق.**

fatma.qadr@uor.edu.krd

**پوختە**

خزمەتگوزاری فێرکاری بە یەکێک لە خزمەتگوزاریە گرنگەکان دادەنرێت لەنێو خزمەتگوزاریەکان بەگشتی و خزمەتگوزاریە کۆمەڵگەییەکان بە تایبەتی، چونکە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت ئاستی پێشکەوتن یان دواکەوتوویی هەر ناوچەیەک بزانرێت، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاری فێرکاری بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت چی لەسەر ئاستی هەرێم بێت یان پارێزگا یان یان قەزا یان ناحیە، و تەنانەت لەسەر ئاستی شار و گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون، لەبەرئەوە توێژینەوەکە باسی توانستی خزمەتگوزای باخچەی ساوایان دەکات لە شاری چەمچەمال و ئامانجی هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزای فێرکاری باخچەی ساوایانە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکوریەکانی ئەم خزمەتگوزاریە، هەروەها گرنگی توێژینەوەکە نیشاندانی بارودۆخی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایانە لە شاری چەمچەماڵ، هەرچی کێشەی توێژینەوەکەیە کەمی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایانە بەراورد بە ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ناوچەی توێژینەوە.

قۆناغی باخچەی ساوایان کە تەمەنی (٤-٦) ساڵی دەگرێتەوە بە یەکێک لە قۆناغە گرنگ و هەستیارەکان دادەنرێت، چونکە قۆناغێکی فێرکاریە بۆ قۆناغەکانی دواتر و بە بنەمای دەستپێکردنی قۆناغە جیاوازەکانی فێرکردن دادەنرێت و کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی تر دەبێت، لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ستراوە بە دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان بە هەردوو

جۆری (حکومی و ناحکومی) لەسەر ئاستی گەڕەکەکان و هەڵسەنگاندنیان بە پێوەرەکانی پلاندانانی عێراق، هەروەها نیشاندانیان لەسەر نەخشە پشت بەستن بە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS).

**کلیلە وشەکان (خزمەتگوزاری، فێرکاری، باخچەی ساوایان، شاری چەمچەماڵ)**

پێشەکی:

شاری چەمچەماڵ بە یەکێک لە شارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان دادەنرێت لە ڕووی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵیەوە، چونکە هەر لە کۆنەوە دانیشتوانەکەی بایەخیان بەم پیشە جۆراوجۆرانە داوە بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەیان، هەروەها لە ڕووی مێژوویەوە بە یەکێک لە شارە کۆنەکان دادەنرێت، چونکە گوندی چەرمووی تێدایە کە بەیەکەمین گوند دادەنرێت لە ڕووی کشتوکاڵکردن لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەرئەوە ناوچەی توێژینەوە بە بنەمای گەشەسەندنی شارستانیەت دادەنرێت، ئەمە سەرەڕای بونی خزمەتگوزاریەکان لەم ناوچەیەدا بە تایبەتی خزمەتگوزاری فێرکاری کە بە بنەمای بنیادنانی کۆمەڵگە دادەنرێت لە ڕێگەی پێگەیاندنی تاکەکانی بە شێوەیەکی تەندروست، تاوەکو لە داهاتودا خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن، چونکە خزمەتگوزاری فێرکاری بە بنەمای گەشەسەندن و پێشکەوتنی سەرجەم بوارە جیاوازەکانی تری ژیان دادەنرێت بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە، لەبەرئەوە بایەخدان بە خزمەتگوزاری فێرکاری بە تایبەتی باخچەی ساوایان بە یەکێک لە پێویستیە گرنگەکانی شار دادەنرێت و بەرەوپێشچوونی ئەم قۆناغە هۆکارێکە بۆ پەرەسەندنی قۆناغەکانی دواتر، چونکە ئەم قۆناغە لە هزری قوتابی دەمێنێتەوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی توێژینەوەکە نیشاندانی بارودۆخی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایانە لە شاری چەمچەماڵ، تاوەکو ببێت بە ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی کارامەتر و باشترکردنی دەرئەنجامەکان.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزای فێرکاری باخچەی ساوایانە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کەموکوریەکانی ئەم خزمەتگوزاریە، تاوەکو زانیاری بخرێتە بەرچاوی لایەنی پەیوەندار و پلاندانەران، بە مەبەستی چارەسەرکەدنی کێشەکان.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوە بە یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، کە سەرەنجی لایەنی پەیوەندار ڕادەکێشێت بۆ چارەسەرکردن، لەبەرئەوە کێشەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

١-ئايا خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ فراوانبوون و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زیادیکردووە؟

٢-ئایا توانستی خزمەتگوزاری فێرکاری لەگەڵ پێوەرە ناوخۆیەکان گونجاوە؟

٣- ئایا ئەم خزمەتگوزارییە پێداویستی دانیشتوان پڕدەکاتەوە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەی توێژنەوە بریتیە لە وەڵامی پێشوەختەی کێشەکانی توێژینەوە بۆگەشتن بە چارەسەری سەرەتایی کێشەکان، لەبەرئەوە گریمانەی توێژینوەکە بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

١-خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ فراوانبوون و زیادبوونی دانیشتوان زیادی نەکردووە.

٢- لەکاتی بنیادنانی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان ڕەچاوی پێوەری عێراق نەکراوە.

٣- ئەم خزمەتگوزاریە لە کاتی ئێستادا پێداویستی دانیشتوان پڕناکاتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەکە پشتی بەستوە بە میتۆدی وەصفی لە دیاریکردنی گۆڕاوەکانی تایبەت بە باخچەی ساوایان و دابەشبونیان لە ڕێگەی خشتە و نەخشەوە، هەروەها میتۆدی شیکاری چەندێتی لە شیکاری داتا و زانیاریەکان پشت بەست بە بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS).

## پلانی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە بۆ چوار باسی سەرەکی دابەش کراوە، بەجۆرێک باسی یەکەم تایبەتە بە سنوری ناوچەی توێژینەوە، و باسی دووەم: دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان، هەورووەها باسی سێیەم: شیکردنەوەی ئاماری بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان، باسی چوارەم: هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان بە گوێرەی پێوەرەکان دەگرێتەوە.

## باسی یەکەم: سنوری توێژینەوەکە

### ١-١ سنوری شوێنی

ناوچەی توێژینەوە (شاری چەمچەماڵ) دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی ڕۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە، بەشێکە لەناوچەی نیمچە شاخاوی، هەروەها لەڕووی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ( ٣٠-، ٣٥= ،٥ ٤٥ بۆ 10- ، 33=، 35ه ) ی باکور، هەردوو هێڵی درێژی (50-،45=، 44ه بۆ 30-،50= ، 44ه ) ی ڕۆژهەڵات، وەک لە نەخشەی (١) دیارە، هەروەها لە (٢٠) گەڕەکی نیشتەجێبوون پێکهاتووە (شاروانی چەمچەماڵ، بەشی هونەری) وەک لە نەخشەی (٢) دیارە. بە ڕووبەری (١٠٠٧)هێکتار(بەرنامەی Arc Gis 10.8)، لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە بە یەکێک لە


شارە کۆن و مێژوویەکان دادەنرێت کە گرنگی زۆریان بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن داوە، و بۆچونی جیاواز سەبارەت بە خزمەتگوزاری فێرکاری لە ناوچەکەدا هەیە، بەجۆرێک هەندێک بۆچون هەیە لەسەر داوای والی موسڵی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٨٧)دا هەوڵی کردنەوەی چەندین قوتابخانە درابوو بۆ (قەزا و ناحیە و گوندەکان) بەمەبەستی ڕازیکردنی هۆزەکانی ناوچەکە ئەو هەوڵانە ناوچەی چەمچەماڵیشی گرتووەتەوە، لە ساڵی (١٩١٧) کاتێک تورکەکان وڵاتیان بە جێهێشت قوتابخانەکان داخران، چونکە زۆربەی مامۆستاکانیان تورک بوون، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیست لە ناوەندی قەزای چەمچەماڵ وناحییەی ئاغجەلەر قوتابخانەی ئەوەلی (سەرەتایی) هەبوە، قوتابخانەی (ئەوەلی چەمچەماڵ) تەنها ٣٠ قوتابی و یەک مامۆستای هەبوە، قوتابخانەی (ئەوەلی ئاغجەلەر) تەنها ١٧ قوتابی و یەک مامۆستای هەبووە، بوونی ئەم جۆرە قوتابخانە لە چوارچێوەی قوتابخانەی (عشائر مکتبلری) کراوەتەوە(عەبدول، ٢٠١٨،ل٢٠-٢١).

٢-١ سنوری کاتی توێژینەوەکە:

باس لە باخچەی ساوایانی (حکومی، ناحکومی) دەکات لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، هەروەها چەندایەتی و چۆنایەتی ئەم خزمەتگوزارییە ڕوون دەکاتەوە.

نەخشەی (١)


شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی شاری  چەمچەماڵ بە گوێرەی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی




سەرچاوە: بەرنامەی (Arc Gis 10.8)

نەخشەی (٢)

شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری چەمچەماڵ




سەرچاوە: بەرنامەی (Arc Gis 10.8)

## باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان

قۆناغێکی پەروەردەیی هەستیارە و بایەخێکی گرنگی هەیە لە قۆناغەکانی خوێندن بە بنەمای سەرەکی پەروەردەکردن و گەشەسەندنی منداڵ دادەنرێت لە ڕووی جەستەیی و مێشك و زمان و کردار و کۆمەڵایەتی(رواندزی،٢٠٠٦، ص١٠)، ئەم قۆناغە دەست پێدەکات لەتەمەنی ( 4 – 6 ) ساڵی واتە پێش چونی منداڵ بۆ قۆناغی بنەڕەتی، دەبێتە هۆی یارمەتی دانی خێزان بەتایبەتی بۆ ئەو دایکانەی کە کاردەکەن و دڵنیا دەبنەوە لە گەشەسەندنی بەردەوامی منداڵەکانیان لە ڕووی تەندروستی و پەروەردەیی(الجميلي، ٢٠٠٧، ص١٣٢)، جگە لەوەی دەبێتە هۆکارێك بۆ دیاری کردنی هەڵسوکەوتی منداڵ بۆ قۆناغەکانی دوایی(شقير، ٢٠٠٩، ص٦٨).

ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە هەریەک لە (ژمارەی پۆل، مامۆستا، منداڵ) وە دابەشبوونی شوێنی ئەم خزمەتگوزارییە لە ناوچەی توێژینەوە، کە ژمارەی باخچەی ساوایانی ناوچەی توێژینەوە(٧) باخچەیە، بەمەش جیاوازی زۆر لە دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لە نێو گەڕەکەکانی شاری چەمچەماڵدا هەیە، هەروەها ژمارەی ئەو منداڵانەی لە قۆناغی باخچەی

ساوایاندان(١١٢٤) منداڵن لە کۆی (٢٢٧٧٢) خوێندکار بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن، بەمەش ڕێژەی نزیکەی(٥٪) کۆی خوێندکارانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، بە جۆرێک ژمارەی منداڵانی کوڕ(٥٦٥) منداڵن کە دەکاتە نزیکەی (٥٠,٣٪) لە کۆی منداڵانی قۆناغی باخچە، هەروەها (٥٥٩) منداڵی کچ کە دەکاتە نزیکەی (٤٩,٧٪)لە کۆی منداڵانی قۆناغی باخچە لە ناوچەی توێژینەوە.

بە تێڕوانین لە خشتەی (١) دیارە کە گەڕەکی (ئازادی) زۆرترین ڕێژەی منداڵانی لەخۆگرتووە کە دەکاتە (٤٥,٣٪) لە کۆی منداڵانی باخچەی شارەکە، کە دوو باخچەی ساوایانی تێدایە هەریەک لە باخچەکانی (چەمچەماڵ، لەتیف هەڵمەت) کە دەکەونە چوارچێوەی گەڕەکی ئازادی، بەمەش گەڕەکی ئازادی بە پلەی یەکەم دێت لە زۆری ژمارەی منداڵ بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ئەم گەڕەکە تەنها(٦٧٦٥) کەسە بۆ ساڵی (٢٠٢٥)، بەڵام گەڕەکی (ئاشتی) زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە کە دەکاتە(١٣٤٠٠) کەس، بەڵام ئەم گەڕەکە تەنها (١) باخچەی ساوایانی تێدایە و ئەویش (باخچەی وەنەوشە)یە کە تەنها ڕێژەی (١٨,٤٪) کۆی منداڵانی باخچەی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، هۆکاری کەمی ڕێژەی منداڵان لە باخچەکانی شاری چەمچەماڵ بەگشتی و باخچەی وەنەوشە بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ:

خشتەی (١)

دابەشبوونی شوێنی باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

| ژ | ناوی باخچە | گەڕەک | دانیشتوان | ڕووبەر/م | ژمارەی منداڵ | | ژمارەی پۆل/ ژوور | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | کوڕ | کچ | | |
| ١ | باخچەی چەمچەماڵ | ئازادی | ٦٧٦٥ | ١٥٠٠ | ٩٠ | ١١٠ | ٤ | ١٣ |
| ٢ | باخچەی وەنەوشە | ئاشتی | ١٣٤٠٠ | ١٠٠٠ | ١٠٥ | ١٠٢ | ٤ | ١١ |
| ٣ | باخچەی گوڵستان | سەربەرزی | ٢٢٩٣ | ٢٠٠ | ٦٩ | ٥٦ | ٤ | ١٠ |
| ٤ | باخچەی هێرۆ | بێکەس | ٧٩٩٥ | ١٠٠٠ | ٥٣ | ٥٥ | ٤ | ١٠ |
| ٥ | باخچەی لەتیف هەڵمەت | ئازادی | - | ١٠٠٠ | ١٥٣ | ١٥٧ | ٥ | ١٦ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی شاینی ناحکومی ئینگلیزی | مامۆستایان | ٤٧٥٠ | ٥٠٠ | ٥٨ | ٢٩ | ٤ | ٧ |
| ٧ | باخچەی ڕێنمای | خاک | ١١٠٥٠ | ١٠٠٠ | ٣٧ | ٥٠ | ٧ | ٧ |

| | ناحکومی | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆ | ٧ | ٦ | ٤٦٢١٣ | ٦٢٠٠ | ٥٦٥ | ٥٥٩ | ٣٢ | ٧٤ |
| | | | | | ١١٢٤ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری چەمچەماڵ، بەشی ئامار، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٤-٢٠٢٥
2. کاری مەیدانی.

1. قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی.
2. ناردنی بەشێکی زۆری منداڵان بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کە دایبابیان ئەرکی کارکردنیان هەیە بۆ باخچە ناحکومیەکان بەجۆرێک ڕێژەی (٧,٧٪) کۆی منداڵانی باخچەیان پێکهێناوە، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر کەمبونەوەی ڕێژەی منداڵان لە باخچە حکومیەکان.
3. بوونی باخچەی هێرۆ لە گەڕەکی بێکەس کە نزیکە لە گەڕەکی ئاشتی و کاردەکاتە سەر کەمی ژمارەی منداڵان لە باخچەی وەنەوشە.
4. کردنەوەی باخچەی ناحکومی لە ناوچەکەدا بە تایبەتی دوای ساڵی (٢٠٢٠) کە بەشێک لە دایبابان بەهۆی ئەرکی دەرەوە منداڵان دەنرێنە ئەم باخچانە، چونکە ماوەی دەوامکردنیان لە باخچە حکومیەکان زیاترە.


ئەوەی دەمێنێتەوە چوار باخچەیە کە بەسەر چوار گەڕەکی جیاوازی ناوچەی توێژینەوەدا دابەشبوون، بەمەش (١٤) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە بێ بەشن لە خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان، لە کۆی (٢٠) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە، وەک لە نەخشەی (٣)دا دیارە.

نەخشەی (٣)

دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزاری فێرکاری بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)




سەرچاوە: بەرنامەی (Arc Gis 10.8)

## باسی سێیەم: شیکردنەوەی ئاماری بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان

شیکردنەوەی ئاماری بە یەکێک لە ڕێگا باو و نوێیەکان دادەنرێت لە نێو جوگرافیای مرۆیی بەگشتی و جوگرافیایی خزمەتگوزاری بە تایبەتی کە لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت داتا و زانیاریەکان بە شێوەیەکی سەردەمیانە و پشت بەستن بە سیستەمی زانارایە جوگرافیەکان بخرێتە ڕوو پشت بەست بە وێنەی ئاسمانی، چونکە شیکردنەوەی داتا و زانیاریەکان لە ڕێگەی خشتە و گراف و وێنە بە تەنها وێنەیەکی ڕوون نادەن بە دەستەوە بۆ نواندنی دیاردەکان.

لەسەر ئەم بنەمایە شیکردنەوەی ئاماری بۆ خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لە ناوچەی توێژینەوە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

### ٣-١ خاڵی سەنتەری (Mean Center)

مەبەست لە خاڵە سەنتەرییەکان کۆمەڵێک خاڵە ئاماژە بە دابەشبوونی دیاردەکان دەکات لە چەندین ڕووەوە، بەجۆرێک ئامانج لە بەکارهێنانی خاڵە سەنتەرییەکان ئەوەیە کە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشان کردنی ڕادەی کۆبونەوە و بڵاوبونەوەی دیاردەکان لە ناوچەیەکدا، کە بەگشتی دیاریکردنی ئەم خالانە ئاماژەن بۆ دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزارییەکان و تارادەیەک لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت ناوەندی دابەشبوونی خزمەتگوزارییەکان دەستنیشان

بکرێت و هەوڵبدرێت بۆ هاوسەنگ کردنەوەی دابەشبوونی دیاردەکە (حەمەعلی،٢٠١٦، ل١١٦)،بەجۆرێک ئەگەر خاڵەکانی خزمەتگوزاری (فێرکاری باخچەی ساوایان) لە شاری چەمچەماڵ لەسەر یەک دەربکەون ئەوا ئەوکات دابەشبوونەکە نمونەی دەبێت، کە زۆر بە دەگمەن ئەم بارودۆخە روو دەدات.

لە ئەنجانی جێبەجێکردنی ناوەندی شوێنی لە بەرنامەی (Arc Gis) بۆ خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لەشاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥، وەک لە خشتەی (٢) دەردەکەوێت ناوەندی شوێنی بۆ خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان دەکەوێتە گەڕەکی (ڕاپەڕین) وەک لە نەخشەی (٣) دیارە، بە دووری (٤٠٠)م کە مەیلی زیاتری بەلای باشووری خۆرئاوایە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چڕی دانیشتوان لەم گەڕەکەدا بەرزە.

خشتەی (٢)

داتای خاڵە سەنتەرییەکان بۆ دامەزراوەی فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٥

| دامودەزگای فێرکاری | X | Y | خاڵی سەنتەری |
|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 44.82756 | 35.52993 | گەڕەکی ڕاپەڕین |

سەرچاوە: بەرمانەی Arc GIS 10.8

## ٢-٣ ئاراستەی دابەشبوون (Directional Distribution)

ئاراستەی دابەشبوون بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاراستەی پەرتبوونی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێگای دەستنیشانکردنی هەردوو تەوەری (XY) لە ناوەندی چەق بنکەی خزمەتگوزارییەکان واتا میکانیزمی پێوانەکردنی ئاراستەی دابەشبوون لەگەڵ میکانیزمی پێوانەکردنی ماوەی پێوانەی هاوشێوەی یەکن لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis 10.6)دا، تەنها جیاوازییەکەیان لەوەدایە کەوا شێوەیەکی هێلکەی بەدیاردەکەوێت(حمدأمین و ئەوانی تر، ٢٠٢٠، ل٣٨)، لەبەرئەوە لەسەر ئەم بنەمایە ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ نیشان دەدەین، بەم شێوەی خوارەوە:

وەک لە خشتەی (٣) و نەخشەی (٤) دا دیارە ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری باخچەی ساوایان شێوەی هێلکەیی وەرگرتووە، لە باکور بۆ باشور، بەجۆرێک لە کۆی (٧) باخچەی ساوایان (٤) باخچەی بە ڕێژەی (٥٧,١٪)ی کۆی باخچەی ساوایان دەکەونە ناو بازنەی هێلکەیەکەو (٣) باخچەیان لە دەرەوەی شێوە بازنەیەکەدان، هەروەها بەهای سوڕانەوەی دەکاتە (٦٣,٣) لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا، چونکە شێوازی فراوانبوونی ناوچەی توێژینەوە نزیک لە لاکێشەیە و لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوایە.

خشتەی (٣)

ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٥

| دامودەزگای فێرکاری | X | Y | بەهای خولانەوە | ژمارەی خزمەتگوزاری | ڕێژەی سەدی ژمارەی |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | (قيمة الدوران) | لەناو ئاراستەی دابەشبوون | دامەزراوەکان لە ناو ئاراستەی دابەشبوون |
| باخچەی ساوایان | 6.1292 | 3.976 | ٦٣,٣ | 4 | ٥٧,١ |

سەرچاوە: بەرنامەی (Arc GIS 10.8)

## ٣-٣ دووری پێوانەی:

لە دابەشبوونی شوێندا دووری پێوانەی ڕۆڵی خۆی هەیە و بەکاردیت بۆ پیوانەکردنی پلەی کۆبونەوە کە خاڵەکانی دیاردەکە لە شوێنێکدا هەیانە، لەبەرئەوە دەکرێت لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە زانیاریمان بەدەست بکەوێت لەسەر ڕادەی کۆبونەوە و بڵاوبونەوەی دووری شوێنی دیاردەکان لە یەکتری، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرەش بە کێشانی بازنەیەک دەبێت کە پێی دەوترێت (Standard Circle)، ناوڕاستی ئەم بازنەیەش بریتیە لە خاڵێک کە ناسراوە بە خاڵی سەنتەری ناوەند (Mean Center)، تاوەکو بەهای ئەم پێوەرە زۆر بێت ئەوا قەبارەی بازنەکە گەورەتر دەبێت، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات و ڕووندەکاتەوە کەوا دابەشبوونی خاڵەکان بەشێوەیەکی بڵاوەبووە(داود، ٢٠١٢، ص٤٤)، بەجۆرێک کە بەهاکەی (٦٨,٢٧٪) ئەوە دابەشبوونێکی سروشتی وەرگرتووە، جگەلەمە هەر دابەشبونێک دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە(یوسف و ئەوانیتر، ٢٠٢٤، ل٤٦٥)کە ئەمەش بە بەرنامەی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (Gis) دەکرێت بە جێبەجێکردنی (Arc Toolbox)، دەستنیشانکردنی (Measuring Geographic Distributions) وە پاشان هەڵبژاردنی ( Standard Distance)، کە دوای جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە وێنەیەکی بازنەی بە دەوری خزمەتگوزاریەکەدا دەردەکەوێت کە دووری پێوانەیە. لەژێر ڕۆشنای بەکارهێنانی ئەم هەنگاوانەدا دووری پێوانەی بۆ خزمەتگوزاری باخچەی سوایان لە شاری چەمچەماڵ نیشان دەدەین بەم شێوەی لای خوارەوە:

خشتەی (٤) و نەخشەی (٥) ئەوە نیشان دەدات کە دووری پێوانەی بۆ ئەم خزمەتگوزاریە دەکاتە (1145.4)م، وە ڕووبەری بازنەکە (390.9) هێکتار بەمەش (36.0٪) ڕووبەری شارەکەی گرتوتەوە و لە کۆی (٧) باخچەی ساوایان (٤) دەکەوێتە ناو بازنەکە و بەمەش ژمارەی دامەزراوەکان لە چوارچێوەی دووری پێوانەی دەکاتە (57.1٪) کە ئەمەش کەمترە لە بەهای پێوانەی کە (٦٨,٢٧٪)، لەبەرئەوە دابەشبوونەکە نا سروشتیە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەرەوە.

خشتەی (٤)


دووری پێوانەی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| دامودەزگای فێرکاری | دووری پێوانەی (م) | ڕووبەری بازنەکە (هێکتار) | ٪ لەڕووبەری شارەکە | ژمارەی خزمەتگوزاریەکان | ژمارەی خزمەتگوزاری لە ناو دووری پێوانەی | (٪) ژمارەی دامەزراوەکان لە چوارچێوەی دووری پێوانەیەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | 1145.4 | 390.9 | 36.0 | 7 | 4 | 57.1 |

سەرچاوە: بەرنامەی (Arc GIS 10.8)

نەخشەی (٥)

ناوەندی شوێنی و ئاراستەی دابەشبوون و دووری پێوانەی باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٥



سەرچاوە: بەرنامەی (Arc GIS 10.8)

## ٤-٣ نزیکتری دراوسێ (Nearest Neighbor)

شیکردنەوەی نزیکترین دراوسێیەتی بە یەکێک لە شێوازە ئامارییە باوەکان دادەنرێت کە جوگرافی ناسان پشتی پێدەبەستن بۆ دابەشبونی خاڵی دیاردەکان لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا، چونکە ئەنجامی ورد بە دەستەوە دەدات لە لایەنی دەرخستنی پەیوەندی نێوان شوێنی دیاردەکان، لە هەمان کاتدا مەودای بڵاوبونەوە یان گردبونەوەیان  یان شێوازی هەڕەمەکی دەردەخات، ئەمە سەرەڕای دەرخستنی ئاستی نمونەی ئامارە بەرهەم هاتوەکە(حمدامین و ئەوانی تر، ٢٠٢٠، ل٤١)، و نرخی ئەم پێوەرەش لە نیوان (٠ – ٢,١٤٩) دایە، بەجۆرێک (سفر) شێوازی کۆکراوەیی دەنوێنێ، و (٠,١ – ٠,٥) لەیەک نزیکی نارێک، وە (٠,٦ – ٠,٩) لەیەک نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، وە (١) تەواو شێوازی هەڕەمەکی دەنوێنێ، وە (١,١ – ١,٩) شێوازی لەیەک دوورە، هەروەها (٢,٠ – ٢,١٤٩) شێوازی ڕێک و پێک دەنوێنێ(اسماك و العزاوي، ٢٠١١، ص٢١٣).

بۆ دەرهێنانی هاوکۆلکەی نزیکترین دراوسێ سود لە بەرنامەی (Arc Gis) وەرگیراوە بە جێبەجێکردنی (Arc Toolbox)، هەڵبژاردنی (Special Statistic Tools) وە پاشان هەڵبژاردنی (Analyzing Pattern)، وە دواتر هەڵبژاردنی (Average Nearest Neighbor).


بەجێبەجێکردنی نزیکترین دراوسێ  بۆ خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان وەک لە شێوەی (١) و خشتەی (٥)دا دیارە بەهای (Z-score) دەکاتە (١,١٦) ئەمەش دەکەوێتە چوارچێوەی پشتێنەی ناچاری کە (-٢,٥٨) بۆ (+٢,٥٨)Critical Value ئەمەش بە مانای پەسەندکردنی گریمانەکە دێت کە باس لەوە دەکات باخچەکان بە شێوازێکی پەرشوبڵاو و لەیەک دوور دابەشبوون، بەلکو بەهای (R) (Nearest Neighbor Raito) دەکاتە (١,٢٢) لەبەرئەوە گریمانەی بنەڕەتی قبوڵ دەکەین کە دەڵێ شێوازی دابەشبونی باخچەکان شێوازێکی پەرت و بڵاوە وە ئەگەری هەڵە (٠,٢٪) لە قبوڵکردنی گریمانەی بنەڕەتی و ، ئەگەری ڕاستی دەکاتە (٩٩.٪) لە ڕەتکردنەوەی گریمانەی جێگرەوە کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونەکە هەرەمەکیە و کۆمەڵێک فاکتەر ئەم شێوازەی دروستکردوە.

خشتەی (٥)

ئەنجامی جێبەجێکردنی شیکاری پەیوەندی دراوسێیەتی بۆ خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)

| دامودەزگای فێرکاری | بەهای شیکاری R | بەهای (Z-Score) | بەهای (P-Value) | بار | گریمانەی قبوڵکراو | شێوازی دابەشبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|
| باخچەی ساوایان | ١,٢٢ | ١,١٦ | ٠,٢٤ | پەسەندکردن | بنەڕەتی | لەیەک دوور |

سەرچاوە: بەرنامەی (Arc Gis 10.8) پشت بەست بە زانیاری ئامادەکراو بە کاری مەیدانی




شێوەی () ئەنجامی نزیکترین دراوسێ بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان بۆساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

سەرچاوە (Arc Gis 10.8)

## باسی چوارەم: هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان بە گوێرەی پێوەرەکان

### یەکەم: پێوەرە ژمارەییەکان (پێوەرەکانی لەخۆگرتن)

پێوەرە ژمارەییەکان گرنگی بەرچاویان لە هەڵسەنگاندنی توانست و ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەیە، ئەم پێوەرانە کۆمەڵێك نیشاندەر لەخۆدەگرن، کە ئاماژەن بۆ ژمارەی (قوتابی، مامۆستا، پۆل، قوتابخانە) لە دامەزراوە فێرکارییەکان، خشتەی (٦) دۆخی خزمەتگوزاری فێرکاری باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەو پێوەرانەی ئاماژەمان بۆ کردوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

**1-قۆناغی باخچەی منداڵان:**

**١-١پێوەری باخچە / منداڵ**

ژمارەی باخچەکانی ناوچەی توێژینەوە (٧) باخچەی منداڵانە بۆ ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، کە بەسەر (٦) گەڕەکی ناوچەی توێژینەوە دابەشبوون، هەروەها (١١٢٤) منداڵ دەکەونە ئەم قۆناغە کە بەسەر (٣٢) پۆل دابەشبوون، بە ڕێژەی (٣٥) منداڵ بۆ هەر پۆلێک.

بە گشتی ئەم پێوەرە ژمارەی منداڵ لە هەر باخچەیەك ڕوون دەکاتەوە، ئەو دامەزراوە فێرکارییەی پێکهاتووە لە شوێنی بایەخ دان و فێرکردنی منداڵەکان و پەرەپێدانی توانا هزری و جەستەییەکان، هەربۆیە بە تەواوکاری ڕەگەزەکانی تری ئەم خزمەتگوزارییە دادەنرێت، پێوەرە پلانسازییەکان (١٨٠) منداڵ/ باخچە دیاری کردوە، ژمارەی منداڵەکان لە باخچەکانی شاری چەمچەماڵ (١٦١) منداڵ/ باخچەیە، کە ژمارەیەکی گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکەدا،

به تێڕوانین لەخشتەی (٦) دەردەکەوێت لەسەر ئاستی باخچەکان ئەم پێوەرە دەگۆڕێت ، بەجۆرێک باخچەی لەتیف هەڵمەت (١٣٠) منداڵی لە سەرووی توانای وەرگرتنی باخچەکەوەیە، بەمەش پلەی یەکەمی هەیە لە زۆری ژمارەی منداڵان لە باخچەکەدا، هەرچی پلەی دووەمە باخچەی وەنەوشەیە کە (٢٧) منداڵی لە سەروی پێوەرەکەوەیە، وە پلەی سێیەم دەکەوێتە باخچەی چەمچەماڵ کە (٢٠) منداڵە، کە ئەمەش بۆ هەریەک لە باخچەی (وەنەوشە، چەمچەماڵ) تاڕادەیەک بە بارودۆخێکی گونجاو دادەنرێت، چونکە زۆر لە سەرووی پێوەرەکەوە نیە، تەنها باخچەی (لەتیف هەڵمەت) بە ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە سەرووی پێوەرەکەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی باخچەی ساوایان لە گەڕەکەکانی نزیک لەم باخچەیەدا، ئەمە لە کاتێکدا هەریەک لە باخچەی (هێرۆ، گوڵستان) لە خوارووی پێوەرەکەدان بە (-٧٢، -٥٥) منداڵ، چونکە باخچەی (گوڵستان) لە خانووی ماڵاندایەو توانای وەرگرتنی منداڵی زۆری نیە، ئەمە جگە لە نەبوونی بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزاریەکان کە هۆکاری ڕاکێشان و مانەوەی منداڵە لە باخچەدا، وە هەریەک لە باخچەی (شاینی ناحکومی، ڕێنمای ناحکومی) بە (-٩٣) لە خوارووی پێوەرەکەدان، چونکە ئەم باخچانە ناحکومیە و ژمارەیەکی کەمتر منداڵ دەچنە ئەم باخچانە بەهۆی بارودۆخی ئابووری.

**١-٢ پێوەری (منداڵ / پۆل):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵ بۆ هەر پۆلێك، کە ڕونکردنەوەیە لەسەر شوێنی تەرخانکراو بۆ بایەخ پێدان و وەرگرتنی زانست و فێربون، تاوەکو ژمارەی منداڵەکان زیاتر بێت ئاستی خزمەتگوزاری پێشکەش کراو دادەبەزێت، سەرەڕای سەختی مامەڵەکردن و کۆنترۆڵکردن، هەربۆیە دابینکردنی پۆلی پێویست لە بنەما گرنگەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری فێرکاریە، پێوەرە پلانسازییەکان (٢٠-٢٥) منداڵی/پۆل دیاریکردوە، ناوەندی ژمارەی منداڵ بۆ هەر پۆلێک دەکاتە (٣٢) کە ئەمەش تاڕادەیەک لەگەڵ پێوەرەکەدا گونجاوە، بەڵام لەسەر ئاستی باخچەکان پلەی یەکەم دەکەوێتە باخچەی (لەتیف هەڵمەت) کە (٦٢) منداڵ/ پۆل، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی منداڵ لەم باخچەیە وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە، کە ئەمەش کاردەکاتە سەر توانای وەرگرتنی منداڵان لە چالاکیە جۆراو جۆرەکانی باخچەدا، هەروەها باخچەی منداڵانی (وەنەوشە) پلەی دوەمی هەیە کە (٥٢)منداڵ/ پۆل، دواتر پلەی سێیەم دەکەوێتە باخچەی منداڵانی (چەمچەمال) کە (٥٠) منداڵ/باخچە، هۆکاری ئەمەش بەهەمان شێوەی باخچەی لەتیف هەڵمەت دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی منداڵ لەم باخچانەدا، بەڵام لە باخچەی(گوڵستان) ژمارەی منداڵ دەکاتە (٣١) بۆ هەر پۆلێک کە ئەمەش تاڕادەیەک گونجاوە لەگەڵ پێوەرەکەدا، لەکاتێکدا باخچەی (هێرو)، و باخچەی (ڕێنمای ناحکومی، شاینی ناحکومی) لە خوارووی پێوەرەکەوەن، چونکە باخچەی (هێرۆ) دەکەوێتە بەشی باکوری گەڕەکی (بێکەس) کە تاڕادەیەک گەڕەکێکی دورە بەراورد بە گەڕەکەکانی تر کە باخچەیان تێدایە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم ناوچانە لە تەمەنی سەرووی (٤٥-٥٠) ساڵیدان و توانای خستنەوەی وەجەیان نەماوە و منداڵان لەم گەڕەکەدا کەمترن، وە گەڕەکە نزیکەکانی باخچەی (وەنەوشە) سود لەم باخچەیە وەردەگرن.

**١-٣ پێوەری (منداڵ / مامۆستا):** ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵ بۆ هەر مامۆستایەك، تاوەکو ژمارەی منداڵەکان زیاتر بێت بۆ هەر مامۆستایەك ئاستی خزمەتگوزارییەکە دادەبەزێت پێچەوانەکەشی ڕاستە، پێوەرە پیلانسازییەکان (١٦-٢٠) منداڵی دیاریکردوە بۆ هەر مامۆستایەك، بە سەرنجدان لە خشتەی(٦) دەردەکەوێت ناوەندی منداڵ لە باخچەکان

دەکاتە (١٥) بۆ هەر مامۆستایەک، وە لەسەرجەم باخچەکان ژمارەی منداڵ بۆ مامۆستا لە خوار پێوەرەکەوەیە، کە ئەمەش بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ پێوەرە پلانسازییەکاندا کەواتا خزمەتگوزارییەکە بە ئاستی پێویست دەگاتە منداڵەکان .

خشتەی (٦)

پێوەری ژمارەی منداڵ و مامۆستا و پۆلەکانی باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

| ژ | ناوی باخچە | گەڕەک | ژمارەی منداڵ | منداڵ/باخچە زیاد / کەم | ژمارەی پۆل | منداڵ / پۆل | باخچە/ پۆل زیاد / کەم | ژمارەی مامۆستایان | منداڵ / مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی چەمچەماڵ | ئازادی | ٢٠٠ | ٢٠ | ٤ | ٥٠ | - | ١٣ | ١٥ |
| ٢ | باخچەی وەنەوشە | ئاشتی | ٢٠٧ | ٢٧ | ٤ | ٥٢ | - | ١١ | ١٩ |
| ٣ | باخچەی گوڵستان | سەربەرزی | ١٢٥ | ٥٥- | ٤ | ٣١ | - | ١٠ | ١٣ |
| ٤ | باخچەی هێرۆ | بێکەس | ١٠٨ | ٧٢- | ٤ | ٢٧ | - | ١٠ | ١١ |
| ٥ | باخچەی لەتیف هەڵمەت | ئازادی | ٣١٠ | ١٣٠ | ٥ | ٦٢ | - | ١٦ | ١٩ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی شاینی ناحکومی ئینگلیزی | مامۆستایان | ٨٧ | ٩٣- | ٤ | ٢٢ | - | ٧ | ١٢ |
| ٧ | باخچەی ڕێنمای ناحکومی | خاک | ٨٧ | ٩٣- | ٧ | ١٣ | ١ | ٧ | ١٢ |
| کۆ | ٧ | ٦ | ١١٢٤ | - | ٣٢ | ٣٥ | | ٧٤ | ١٥ |
| ناوەند | | | ١٦١ | | | ٣٢ | | | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

5. حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شاری چەمچەماڵ، بەشی ئامار، داتای بلاونەکراوە، ٢٠٢٤-٢٠٢٥
6. کاری مەیدانی.

## ٤-١ پێوەری (باخچە / پۆل)

پێوەری عێراق بۆ هەر باخچەیەک (٤-٦) پۆلی دیاریکردووە(پاشکۆی:١)، لەسەر ئەم بنەمایە سەرجەم باخچەکانی ناوچەی توێژینەوە دەکەونە چوارچێوەی ئەم پێوەرە، جگە لە باخچەی (ڕێنمای ناحکومی) کە (١) پۆلی خوێندنی لە پێوەری عێراق زیاترە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاو نەگرتنی پێوەری (باخچە/ پۆل) لەکاتی بنیادنان و جێبەجێکردنی باخچەکان.

### ١-٥ پێوەری ژمارەی دانیشتوان

ژمارەی باخچەی ساوایان لە ناوچەی توێژینەوە دەکاتە (٧) باخچەی ساوایان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، لەبەرئەوە بە تێڕوانین لە خشتەی (٧) دەردەکەوێت کە کورتهێنان لە ژمارەی باخچەکان دەکاتە (٤٣)باخچەی ساوایان بە گوێرەی پێوەری دانیشتوان کە (٢٤٠٠) کەسی بۆ یەک باخچەی ساوایان دیاریکردووە، بە جۆرێک کە گەڕەکی (ڕاپەڕین، ئاشتی، ڕزگاری، مەشخەڵان) زۆرترین پێویستیان بۆ باخچەی ساوایان هەیە کە (٥) باخچەیە بۆ هەریەکان، واتە (٢٠) باخچەی ساوایان بۆ ئەم گەڕەکانە، چونکە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە لەخۆدەگرن کە (٤٧١٢٤) کەسە لەکۆی دانیشتوانی ناوچەکە، هەروەها هەریەک لە گەڕەکی (قەڵا، خان) بەگوێرەی پێوەری دانیشتوان پێویستان بە باخچەی ساوایان نیە، چونکە ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان لەخۆدەگرن.

خشتەی (٧)

پێوەری دانیشتوان بە مەبەستی نیشاندانی بارودۆخی باخچەکانی شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

| ز | ناوی گەڕەک | ژ.دانیشتوان | ژمارەی باخچە | کەم | زیاد |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بێکەس | ٧٩٩٥ | ١ | ٢ | - |
| ٢ | پورە گوڵە | ٥٧٢٠ | - | ٢ | - |
| ٣ | سەرشەقام | ٣١٩٤ | - | ١ | - |
| ٤ | ئازادی | ٦٧٦٥ | ٢ | ١ | - |
| ٥ | ڕاپەڕین | ١١٠٥٠ | - | ٥ | - |
| ٦ | شەهیدان | ٢٤٩٠ | - | ١ | - |
| ٧ | کوردستان | ٩٧٨٥ | - | ٤ | - |
| ٨ | خاک | ٥٧٥٠ | ١ | ١ | - |
| ٩ | ئاشتی | ١٣٤٠٠ | ١ | ٥ | - |
| ١٠ | نیشتیمان | ٥٧٣١ | - | ٢ | - |
| ١١ | ڕزگاری | ١١١٤٥ | - | ٥ | - |
| ١٢ | سەربەرزی | ٧٤٦٣ | ١ | ٢ | - |
| ١٣ | بنار | ٢٧٤٦ | - | ١ | - |
| ١٤ | ئاسودە | ٢٢٩٣ | - | ١ | - |
| ١٥ | مەشخەڵان | ١١٥٢٩ | - | ٥ | - |
| ١٦ | ڕۆژهەڵات | ٨٤٤٥ | - | ٤ | - |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٧ | ماموستایان | ٤٧٥٠ | ١ | ١ | - |
| ١٨ | قەڵا | ١٢٥٤ | - | - | - |
| ١٩ | خان | ٤٢٥ | - | - | - |
| ٢٠ | ناوچەی پیشەسازی | - | - | - | - |
| | کۆی گشتی | ١٢١٩٣٠ | ٧ | ٤٣ | - |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١. پاشکۆی (١)
٢. ئاماری ژمارەی دانیشتوانی شاری چەمچەماڵ لە موختارەکانی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە وەرگیراوە.

## دووەم: پێوەرە رووبەریەکان:

مەبەست لە پێوەرە رووبەرییەکان هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری فێرکارییە بە گوێرەی پێوەر وستانداردی عێراق بۆ ڕووبەری گشتی باخچەی ساوایان، و پشکی خوێندکار، کە بەم شێوەی خوارەوە دەیخەینە ڕوو:

### ٢-١ پێوەری بەرکەوتەی (منداڵ / ڕووبەر) م٢

وەک لە خشەی (٨) دیارە کۆی ڕووبەری باخچەی ساوایا دەکاتە (٩٢٠٠)م٢، هەروەها بەرکەوتەی منداڵ لە سەرجەم باخچەکان دەکاتە (٨,١)م٢ کە ئەمەش زۆر کەمترە لە پێوەری ناوخۆی کە (١٥-١٦)م٢ بۆ هەر منداڵێک دیاریکردووە، بەڵام ئەم ڕووبەرە لەسەر ئاستی باخچەکان دەگۆڕێت و وەک یەک نیە، بەجۆرێک سەرجەم باخچەکان لە خوار پێوەرەکەدان کە ئەمەش کەمی ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی توێژینەوە بەدەردەخات.

### ٢-٢ پێوەری (باخچە / ڕووبەر)م٢

ڕووبەری باخچەکانی شاری چەمچەماڵ (٩٢٠٠)م٢ بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥)، ڕووبەری پێویست بۆ باخچەکان (١٨٩٠٠)م٢ ، و بەمەش (٩٧٠٠)م٢ لە ڕووبەری پێویستی باخچەکان کەمترە، کە ئەمەش زۆر کەمترە لە ستانداردی عێراق کە بۆ هەر باخچەیەک (٢٧٠٠)م٢ دیاریکردووە، لەبەرئەوە بە گوێرەی ئەم پێوەرە نزیکەی (٤) باخچەی تر پێویستە بۆ ناوچەی توێژینەوە، هەروەها لەسەر ئاستی باخچەکان جگە لە باخچەی (لەتیف هەڵمەت) کە (١٣٠٠)م٢ زیاترە لە ستانداردی عێراق ئەوا سەرجەم باخچەکانی تر کێشەی کەمی ڕووبەریان هەیە، وەک لە خشتەی (٨)دا دیارە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی پێنەدانی ڕووبەر لە کاتی جێبەجێکردن و بنیادنانی باخچەکان.

خشتەی(٨)

پێوەری ڕووبەر بۆ باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

| ژ | ناوی باخچە | ڕووبەری باخچە / م٢ | باخچە / ڕووبەر | ژمارەی منداڵ | منداڵ / ڕووبەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی چەمچەماڵ | ١٥٠٠ | -١٢٠٠ | ٢٠٠ | ٧,٥ |
| ٢ | باخچەی وەنەوشە | ١٠٠٠ | -١٧٠٠ | ٢٠٧ | ٤,٨ |
| ٣ | باخچەی گوڵستان | ٢٠٠ | -٢٥٠٠ | ١٢٥ | ١,٦ |
| ٤ | باخچەی هێرۆ | ١٠٠٠ | -١٧٠٠ | ١٠٨ | ٩,٢ |
| ٥ | باخچەی لەتیف هەڵمەت | ٤٠٠٠ | ١٣٠٠ | ٣١٠ | ١٢,٩ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی شاینێ ناحکومی ئینگلیزی | ٥٠٠ | -٢٢٠٠ | ٨٧ | ٥,٧ |
| ٧ | باخچەی ڕێنمای ناحکومی | ١٠٠٠ | -١٧٠٠ | ٨٧ | ١١,٤ |
| کۆ | ٧ | ٩٢٠٠ | -٩٧٠٠ | ١١٢٤ | ٨,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. کاری مەیدانی
2. پاشکۆی (١)


## سێیەم: پێوەری شوێن

### ٣-١ پێوەری پشتێنەی دووری (Buffering):

پشت بە پێوەری ئاسانی گەشتن بە بەکارهێنانی شێواز و ڕێگا نوێیەکانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) لەسەر بنەمای دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریەکە و وە بوونی بازنەیەک بە دەوری ئەو خزمەتگوزاریەی کە خزمەت بە دانیشتوان دەکات لەکات و ماوەیەکی دیاریکراودا، بە ئامانجی زانینی ئەو شوێنانەی کە دانیشتوانەکەی سود لەم خزمەتگوزاریە وەردەگرن سەرەڕای ئەوەی کە دەکەونە دەرەوەی سنوری ئەم خزمەتگوزاریە، وە دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی کە پێویستان بەم خزمەتگوزاریە هەیە بە گوێرەی پێوەر و ستاندارەدکانی پلاندانان(أحمد، ٢٠٢٠، ص١٠٣)، لەبەرئەمە بنەمای دووری یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ دابەشبوونی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی گشتی و خوێندن بە شێوەیەکی تایبەت، ئامانجی سەرەکی پلاندانان بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەمترین کات و تێچوو، لێرەدا ئاسانی گەیشتن بە دووری کات دەپێورێت و بە ڕەگەزی سەرەکی ڕێکخستنی شوێن دادەنرێت و یارمەتیدەرە بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگی دابەش بوونی خزمەتگوزاری، بەجۆرێک دووری (٣٠٠)م$^{٢}$ و (٢-٥) خولەک بۆ باخچەی ساوایان دانراوە، وەک لە پاشکۆی (١) دیارە.

نەخشەی (٦)

پشتێنەی گاریگەری بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ




سەرچاوە: Arc Gis 10.8


بە تێڕوانین لە خشتەی (٩)دا دیارە کە کۆی ڕووبەری پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی ساوایان دەکاتە (١٨٨,٥) هێکتار بە ڕێژەی (١٨,٣٪) لە کۆی ڕوووبەری ناوچەی توێژینەوە کە (١٠٠٧)هێکتارە، وە (٨١٨,٥) ڕووبەری بە ڕێژەی (٨١,٣٪) دەکەونە دەرەوەی پشتێنەی کاریگەر وەک لە شێوەی (٢) دیارە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی باخچەکان کە تەنها (٧) باخچەیە و (١٣) گەڕەک بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە، بەجۆرێک وەک لە نەخشەی (٦) دیارە هیچ کام لە گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە ناکەونە سنوری پشتێنەی کاریگەر و بەڵکو سنوری گاریگەریەکە بە شێوەیەکی بەشییە (جزئی) کە ئەمەش کەمی ئەم خزمەتگوزارییە نیشان دەدات بە گوێرەی توانستی شوێنی خزمەتگوزاری بەردەست، لەبەرئەوە بە گوێرەی پێوەری شوێنی ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتر لە باخچەی ساوایان هەیە، کە بۆ ئەمەش دەبێت ڕەچاوی قەبارەی دانیشتوان بکردێت.

خشتەی (٩)

ڕووبەری بەکارهێنراو و بەکارنەهێنراوی پشتێنەی کاریگەر بۆ باخچەی ساوایان

| | |
|---|---|
| ناوچەی پشتێنەی کاریگەر | ٪١٨,٧ |
| ناوچەی دەرەوەی پشتێنەی کاریگەر | ٪٨١,٣ |

سەرچاوە: Arc Gis 10.8




شێوەی (٢) ڕێژەی پشتێنەی گاریگەری باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ.

## ٢-٣ پێوەری شوێن بەگوێرەی شەقام

پێوەرە پلانسازیەکان شوێنی باخچەی ساوایانی بە گوێرەی شەقام وا دیاریکردوە کە بکەونە سەر شەقامی لاوەکی (پاشکۆی: ١)، بەڵام لە ناوچەی توێژینەوە لە کۆی (٧)باخچە، (٥) باخچەی ساوایان لەگەڵ پێوەرەکەدا گونجاون، بەڵام هەریەک لە باخچەی ساوایانی (چەمچەماڵ، ڕێنمای ناحکومی) دەکەونە نزیک شەقامی سەرەکی و لەگەڵ پێوەرەکەدا ناگونجێن، کە ئەمەش هۆکارێکی مەترسیدارە بۆ سەلامەتی گیانی منداڵان لە هەریەک لەم باخچانەدا.

## چوارەم: پێوەرە گشتیەکان

ئەم پێوەرانە کۆمەڵێک بارودۆخی گشتی و هەمەلایەن لەخۆدەگرن کە بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە و کاریگەری ڕاستەوخۆ و دیاریان لەسەر پرۆسەی فێرکردن هەیە، لەبەرئەوە باس لە هەریەک لەم پێوەرانە دەکەین، بەم شێوەی خوارەوە:

### ١-١-١٠ نیشاندانی بارودۆخی باخچەکان

لە ئەنجامی کاری مەیدانی و بە تێڕوانین لە خشتەی (١٠) دیارە کە لە کۆی (٧) باخچە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٣) باخچەیان خاوەنی بینای تایبەت بە خۆیان نین، هەروەها (٥) باخچەیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە ، هەرچی تایبەتە بەو خزمەتگوزاریانەی کە لە باخچەکاندا بونیان هەیە دەردەکەوێت کە (٣) باخچە بێ بەشن لە گۆڕەپان و (٢) باخچەی منداڵان بێ بەشن لە باخچەی سەوزایی (حديقة)، هەروەها (٦) باخچە لە تاقیگە و هۆڵ و (٥) باخچە لە دەرمانخانە، بەڵام تەنها (١) باخچە خزمەتگوزاری فێنکەرەوەی نیە، کە هەریەک لەم خزمەتگوزاریانە بە پێویستی گرنگی باخچەکان دادەنرێن، و ئەمەش خراپی بارودۆخی خزمەتگوزاری باخچەی منداڵان بەدەردەخات، بەجۆرێک لەگەڵ پێوەرەکانی پلانداناں ناگونجێن.

خشتەی (١٠)

پێوەری بارودۆخی باخچەکانی شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

| باخچە | جۆری بینا | بارودۆخی بینا | | خزمەتگوزاریە بەردەست | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نوێ | نۆژەنکردنەوە | گۆڕەپان | باخچە | تاقیگە / کۆمپیوت | دەرمانخانە | هۆڵ | ئامێری فێنکەرەوە |
| باخچەی چەمچەماڵ | خاوەن | - | ١ | - | ١ | - | - | - | ١ |
| باخچەی وەنەوشە | خاوەن | - | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | - | ١ |
| باخچەی گوڵستان | میوان | - | ١ | - | - | - | - | - | - |
| باخچەی هێرۆ | خاوەن | - | ١ | ١ | ١ | - | - | - | ١ |
| باخچەی لەتیف هەڵمەت | خاوەن | | ١ | ١ | ١ | | | | ١ |
| باخچەی منداڵانی شاینی ناحکومی ئینگلیزی | میوان | ١ | - | ١ | ١ | - | - | - | ١ |
| باخچەی ڕێنمای ناحکومی | میوان | ١ | - | - | - | - | ١ | ١ | ١ |

سەرچاوە: کاری مەیدانی

## ٥-٢ پێویستی باخچەی ساوایان بۆ خزمەتگوزاری

لە ئەنجامی کاری مەیدان و فۆرمی ڕاپرسی بەسەر سەرجەم باخچەکانی شاری چەمچەماڵ و لە ئەنجامی خشتەی (١١) دیارە کە زۆرترین پێویستی باخچەکان بۆ (شتی تر)ە کە لە کۆی (٧) باخچە (٦) باخچەیان بە ڕێژەی (١٦,٧٪) داواکاری شتی تر دەکەن کە ئەمەش خۆی لە پێویستی جۆراو جۆر دەبینێتەوە وەک (پۆل، دەرمانخانە، هۆڵ...هتد) وە (٣) باخچەیان

داواکاری بینای تایبەت دەکەن کە لە (٣٣,٤٪) کۆی داواکاری بینا دەگرێتەوە، هەروەها (٢) باخچە بە ڕێژەی (٥٠٪) داواکاری ئاو و کارەبایان هەیە، و تەنها (١) باخچە بە ڕێژەی (١٠٠٪) داواکاری تەوالێتی پێشکەوتوو تەندروستی هەیە.

خشتەی(١١)

ڕێژەی پێویستی خزمەتگوزاری باخچەکانی شاری چەمچەماڵ بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥

| ناوی باخچە | پێویستی خزمەتگوزاری | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کارەبا | ٪ | ئاو | ٪ | ڕێڕەو | ٪ | تەوالێت | ٪ | بینا | ٪ | شتی تر | ٪ |
| باخچەی چەمچەماڵ | | | ١ | ٥٠ | | | | | | | ١ | ١٦,٧ |
| باخچەی وەنەوشە | | | | | | | | | | | ١ | ١٦,٧ |
| باخچەی گوڵستان | ١ | ٥٠ | | | | | | | ١ | ٣٣,٣ | | |
| باخچەی هێرۆ | | | | | | | | | | | ١ | ١٦,٧ |
| باخچەی لەتیف هەڵمەت | ١ | ٥٠ | ١ | ٥٠ | ١ | | ١ | ١٠٠ | | | ١ | ١٦,٧ |
| باخچەی منداڵانی شاینی ناحکومی | | | | | | | | | ١ | ٣٣,٣ | ١ | ١٦,٦ |
| باخچەی ڕێنمای ناحکومی | | | | | | | | | ١ | ٣٣,٤ | ١ | ١٦,٦ |
| کۆی گشتی | ٢ | ١٠٠ | ٢ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ١ | ١٠٠ | ٣ | ١٠٠ | ٦ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری مەیدانی

بەگشتی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لە شاری چەمچەماڵ ئەوە نیشان دەدات کە لەگەڵ پێوەرە پلانسازیەکان گونجاو نیە و کەموکوڕی زۆری تێدا بەدیدەکرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێنەکردنی هەریەک لەم پێوەرانە لە باخچەکان و بنیادنانیان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و دوور لە پێوەرە پلانسازیەکان، کە دەرئەنجام ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بارودۆخی فێرکردن و بەرەوپێشچوونی لایەنی زانستی و دەروونی منداڵان لە باخچەکاندا هەیە، بەڵام لە ڕووی ژینگەی فێرکردن و ئاست و توانستی مامۆستایان بۆ منداڵان ناوچەی توێژینەوە خزمەتی باشی منداڵان دەکات چی لە باخچە حکومیەکان بێت

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

یان باخچە ناحکومیەکان، کە ئەمەش لە ئەنجامی کاری مەیدانی و سەردانیکردنی توێژەر بۆ باخچەکان و پرسیارکردن لە منداڵان بەدەرکەتووە لە ڕووی ئاستی گەشەکردن و زانینی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن مامۆستایان پێشکەش بە منداڵان دەکرێت.

## دەرئەنجام:

١-شاری چەمچەماڵ بە یەکێک لە شارە کۆن و مێژوویەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی دادەنرێت کە هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە بایەخی زۆریان بە پەروەردە و فێرکردن داوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٨٧).

٢-دابەشبوونی جوگرافی باخچەی ساوایان لە گەڕەکەکانی شاری چەمچەماڵ ئەوە نیشان دادەدت کە بەشێوەیەکی نارێکە لە کۆی (٢٠) گەڕەک (١٤) گەڕەک بێ بەشن لەم خزمەتگوزارییە.

٣-ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەکان ئەوە نیشان دادەت کە لە ڕۆهەڵات بۆ ڕۆژئاوایە، چونکە فراوانبوونی ناوچەی توێژینەوە بەم ئاراستەیەدا دەبێت.

٤-شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لە ئەنجامی نزیکترین دراوسێ ئەوە نیشان دەدات کە دابەشبونێکی لەیەک دوورە و بە شێوەیەکی هەرەمەکی و دوور لە پلاندانان بنیادنراون.

٥-بەشێکی زۆر لە پێوەرەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لەگەڵ پێوەرەکان ناگونجێت و کەموکوڕی زۆریان تێدایە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خزمەتگوزاری فێرکردن هەیە.

## ڕاسپاردەکان:

١-دوبارە پێداچوونەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی ناوچەی توێژینەوە، تاوەکو ئەم خزمەتگوزارییە بگات بە سەرجەم ئەو گەڕەکانەی کە پێویستیانە، پشت بەست بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (Gis)

٢- لە کاتی بنیادنانی باخچەی نوێدا ڕەچاوی ئاراستەی فراوانبوونی شارەکە بکرێت و ئەم خزمەتگوزاریە بە هەمان ئاراستەدا بنیادبنرێت، تاوەکو هەموو گەڕەکەکان بەگشتی و گەڕەکە پەراویزەکان بە تایبەتی بێبەش نەبن لەم خزمەتگوزاریە و ناچار نەبن مەودایەکی دوور ببرن بۆ خزمەتگوزاری باخچەی ساوایان.

٣-دروستکردنی بینای نوێ بۆ باخچەکان بە تایبەتی باخچەی (گوڵستان) کە لە خانوی ماڵاندایە و دوورە لە سەرجەم پێوەرە پلانسازیەکان.

٤-ڕەچاوکردنی سەرجەم پێوەرە پلانسازیەکان و پێوەرە گشتیەکان لە کاتی بنایدنانی خزمەتگوزاری فێرکاری باخچەی ساوایان، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت تەواوی پێویستیەکانی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بۆ ئەم خزمەتگوزاریە دەستەبەربکات.

پاشکۆی (١)

پێوەرە و ستانداردەکانی خزمەتگوزاری فێرکاری بەگوێرەی پێوەرەکانی ستانداردی ناوخۆی (عێراق)

| ژ | پێوەرەکان | قۆناغەکانی خوێندن بە گوێرەی پێوەری عێراق | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | باخچەی ساوایان | بنەڕەتی بازنەی یەکەم (١-٦) | بنەڕەتی بازنەی دووەم (٧-٩) | ئامادەیی |
| ١ | ژمارەی دانیشتوان | ٢٤٠٠ | ٢٤٠٠ | ٩٦٠٠ | ٩٦٠٠ |
| ٢ | ژمارەی پۆلەکان/ قوتابخانە(خوێندنگە) | ٤-٦ | ١٢ * | ٦-٩ | ٦ |
| ٣ | قوتابخانە(خوێندنگە)/ خوێندکار | ١٨٠ | ٣٧٠ | ٣٢٤ | ٢١٦ |
| ٤ | قوتابی (خوێندکار) / پۆل | ٢٥-٣٠ | ٣٠-٤٠ | ٣٠ | ٣٠-٣٦ |
| ٥ | بەرکەوتەی قوتابی (خوێندکار) / م٢ | ١٥-١٦ | ٦- ٨,٥٠ | ٨-٩ | ١٠,٩-١١,٨ |
| ٦ | ڕووبەر | ٢٧٠٠ | ٢٨٠٠ | ٣٠٠٠ | ٢٦٠٠ |
| ٧ | پشتێنەی دووری /م (١) | ٣٠٠ | ٥٠٠ | ٨٠٠ | ٨٠٠ |
| ٨ | دووری بە کات/ خولەک | ٢-٥ | ٥-١٠ | ١٠-٢٠ | ١٠-٢٠ |
| ٩ | قوتابی (خوێندکار) / مامۆستا (٢) | ١٦-٢٠ | ١٩ | ٣٠ | ٣٠ |
| ١٠ | شوێن بەگوێرەی شەقام(٣) | لاوەکی | لاوەکی | گشتی | گشتی |

سەرچاوە:

1. جمهورية العراق، وزارة الاعمار و السكان و البلديات و الشغال العامة، الباب الرابع- معايير الإسكان الحضري و الريفي في العراق ، ٢٠١٨، ص٦٣-٧٦.
2. جيدي، مناو حمه عبدالله، التباين المكاني لكفاءة الخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و المجتمعية)(دراسة في جغرافية الخدمات)، اطروحه دكتوراه، كلية العلوم الجتماعية، جامعة كويه. ٢٠٢٣، ص١٧٣.

3. محمد، فريال واصف محمد الحاج، ٢٠١٠، تقيم و تخطيط الخدمات التعليمية في مدينة طوباس بالاستعانة بنظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا بجامعة النجاح الوطنية، نابلس-فلسطين، ص٦٠-٦٩.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٨

## سەرچاوەکان:


1. أحمد، رويده فؤاد عبدالله، ٢٠٢٠، التقيم الجغرافي للخدمات الصحية في محافضة صلاح الدين، أطروحه دكتوراه، كلية التربية للعلوم الإنسانية، جامعة تكريت.
2. جمهورية العراق، وزارة الاعمار و السكان و البلديات و الشغال العامة، الباب الرابع-معايير الإسكان الحضري و الريفي في العراق ، ٢٠١٨، ص٦٣-٧٦.
3. الجميلي، رياض كاظم سلمان، ٢٠٠٧، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و الترفيهية) في مدينة كربلاء (دراسة في جغرافية المدن)، اطروحة دكتوراه، غيرمنشورة، جامعة بغداد.
4. جيدي، مناوا حمه عبدالله، التباين المكاني لكفاءة الخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحية و المجتمعية)(دراسة في جغرافية الخدمات)، اطروحه دكتوراه، كلية العلوم الجتماعية، جامعة كويه. ٢٠٢٣، ص١٧٣.
5. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی چەمچەماڵ، بەشی هونەری، داتای بڵاونەکراوە.
6. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە.
7. حمدامين، هاشم ياسين، و ئەوانیتر، ٢٠٢٠، جیاوازی شوێنی توانستە خزمەتگوزارییەکان لە قەزای خەبات(لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیا)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی٢٤، ژمارە ٦.
8. حەمە علی، هەردی عبدالرحمان، ٢٠١٦، دابەشبوونی خزمەتگوزاری فێرکاری لە شاری هەڵەبجە، ماستەرنامە، بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.
9. داود، جمعة محمد، ٢٠١٢، اسس تحليل المكانى فى اطار نظم المعلومات الجغرافية، الطبعة الأولى، بدون اسم مطبعة، مكة المكرمة، الملكة العربية السعودية.
10. رواندزي،عمر حسن حسين، 2006، التحليل المكانى والوظيفى للخدمات تعليمية فى مدينة سوران باستخدام نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين – اربيل.
11. السماك، محمد ازهر، علي عبد عباس العزاوي، ٢٠١١، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة Gis، دار اليازوري، عمان، الاردن.
12. شقير،هبة محمد حمودة، ٢٠٠٩، توزيع و التخطيط التعليمية فى محافظة سلفيت باستخدام تقنية نظم المعلومات الجغرافية (GIS)، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، كلية دراسات العليا نابلس-فلسطين.
13. عەبدول، خليل خەڵەف، ٢٠١٨، پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان(توێژینەوەیەکی دۆکیومێنتاری پەروەردەیی لەسەر ڕەوشی خوێندن و پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان- چەمچەماڵ)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

14.محمد، فريال واصف محمد الحاج، ٢٠١٠، تقيم و تخطيط الخدمات التعليمية في مدينة طوباس بالاستعانة بنظم المعلومات الجغرافية، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا بجامعة النجاح الوطنية، نابلس-فلسطين.

resources:
1. Ahmad, Ruida Fouad Abdullah, 2020, Geographical Classification of Health Services in Salahuddin Governorate, PhD Thesis, Faculty of Education for Humanities, Tikrit University.
2. Republic of Iraq, Ministry of Construction, Housing, Municipalities and Public Works, Chapter Four-Hudri and Rifi Housing Standards in Iraq, 2018, pp. 63-7
3. Al-Jamili, Riyadh Kazem Salman, 2007, Efficiency of Spatial Distribution for Community Services (Education, Health and Entertainment) in Karbala (Study in Urban Geography), Ph.D. Unpublished, Baghdad University.
4. Jidi, Hama Abdullah's son, Local Integration for the Quality of Social Services (Education, Health and Social) (Study in Service Geography), Ph.D., Faculty of Sciences الجتماعية، Kuya University. 2023, p.
5. KRG, Ministry of Planning, Chamchamal Municipality, Art Department, unpublished data.
6. Kurdistan Regional Government, Ministry of Education, Sulaimani Education, Chamchamal Education Directorate, Statistics Department, unpublished data.
7. Hamdamin, Hashim Yasin, et al., 2020, Location Differences in Service Capabilities in Khabat District (A Geographical Study), University Journal of Humanities, Volume 24, No.
8. Hama Ali, Hardi Abdulrahman, 2016, Distribution of Educational Services in Halabja, Master's Thesis, Unpublished, College of Humanities, Sulaimani University.
9. Daoud, Juma Mohammed, 2012, Basis of Spatial Analysis in the Geographical Information System Framework, first edition, without publishing name, Mecca, Saudi Arabia.
10. Ruandzi, Omar Hassan Hussein, 2006, Spatial and Functional Analysis of Educational Services in Soran City Using Geographical Information System (GIS), Master's Thesis, Salahuddin University – Erbil.
11. Al-Samak, Mohammed Azhar, Ali Abdul Abbas Al-Azawi, 2011, Geographical Research Between Specialized Curriculum, Chemical

Methods and Contemporary Information Technologies Gis, Dar Al-Yazouri, Oman, Jordan.

12. Shaqeer, Haba Mohammed Hamouda, 2009, Distribution and Educational Planning in Salafi Governorate Using Geographical Information System (GIS) Technology, Master's Thesis, Unpublished, Najah University Al-Wataniya, Faculty of Higher Studies Nablus-Palestine.

13. Abdul, Khalil Khalaf, 2018, Teachers' Headquarters Institute (An Educational Documentary Research on the Educational Situation and Teachers' Headquarters Institute-Chamchamal), First Edition, Sara Central Printing House, Sulaimani.

14. Mohammed, Faryal Wasif Mohammed Al-Hajj, 2010, Estimating and Planning Educational Services in Tobas City with the help of Geographical Information System, Master's Thesis, Faculty of Higher Studies, University National Victory, Nablus-Palestine.